# کاریگەری پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و ڕێڕەوی داود لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان: لێکۆلینەوەیەکە لە ئالینگاری ودەرفەتەکان

https://doi.org/10.17656/jlps.10339

**د.بیستون عمرنوری**

beastun.nuri@su.edu.krd

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر

**د. کامران مجيد حسين**

زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر /کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

kamaran.hussen@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی قووڵ لە کاریگەریی پرۆژەکانی ڕێگەی گەشەپێدان وڕێڕەوی داودی لە ئەگەری جیبەجێکردندا لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، بە شێوەیەك هەریەکە لە ئاراستەی ئەم پرۆژانە کە لەسەر بنەمای هەژموون و گەشە پێدان بونیاتنراون، وکاریگەرییان لەسەر سەقامگیری سیاسی و سەروەری ئابووری و ئاسایشی ناوچەکە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەبێت، لەم دیدگایەوە گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە ئەم دەستپێشخەرییانە هاوکاتن لەگەڵ پەرەسەندنی ئاستەنگە جیۆپۆلیتیکییەکان لە ناوچەکەدا، ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتن لە ڕەهەندە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، بەمەبەستی شیکردنەوەی کاریگەریەکانی ئەم دوو پرۆژەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم.

ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتیە لەوەی کە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان هەڕەشەی پەراوێزخستنی هەرێم دەکات لە ڕووی ئابووری وئەمنییەوە ئەگەر بە شێوەیەکی کاریگەر لە ڕێگا لۆجستییەکانیدا تێکەڵ نەکرێت. هەروەها ڕێڕەو یان کۆریدۆری داود دەتوانێت هەستیاری پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ زیاد بکات وئەگەری هەیە کاردانەوەی ئەمنی وسیاسی لێبکەوێتەوە، لە کۆتاییدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی لۆجستیکی هەرێمی، ئەگەر سود لە هەڵکەوتە جوگرافییەوەرگرێت.

**کلیلە ووشە:** ئاسایش، ئاسایشی نیشتمانی، هەرێمی کوردستان، ڕیگای گەشەپێدان، ڕێرەوی دادودی

## تأثير مشاريع طرق التنمية وممرداود على الأمن القومي لإقليم كردستان: دراسة في التحديات والفرص

**الدكتور بيستون عمرنوري**

**كلية العلوم السياسية/ جامعة صلاح الدين-اربيل**

**د. كامران مجيد حسين**

**كلية العلوم السياسية/ جامعة صلاح الدين-اربيل**

**الخلاصة**

يتناول هذه الدراسة تحليلاً مُعمّقاً لتأثير مشاريع كبرى، مثل طريق التنمية وممر داوود، على الأمن القومي لإقليم كردستان العراق. وسيتمّ من خلال هذه الدراسة، "توضيح" كلّ من هذه المشاريع، القائمة على الهيمنة والتنمية، وتأثيرها على الاستقرار السياسي والسيادة الاقتصادية والأمن في إقليم كردستان وتكمن أهمية الدراسة في تزامن هذه المبادرات مع التحديات الجيوسياسية المتنامية في المنطقة، ما يتطلّب فهم الأبعاد الأمنية لإقليم كردستان، لتحليل تأثير هذين المشروعين على الأمن القومي للإقليم. وأخيرا فإن أهم استنتاجات هذه الدراسة هي أن مشروع طريق التنمية العراقي يهدد بتهميش المنطقة اقتصاديا وأمنيا إذا لم يتم دمجه بشكل فعال في مساراتها اللوجستية. ويمكن لإقليم كردستان أن يصبح في نهاية المطاف مركزا لوجستيا إقليميا إذا استغل موقعه الجغرافي.

**الكلمات المفتاحية**: الامننه ، الأمن القومى ، إقليم كردستان، طرق التنمية، ممر داود.

The Impact of Development Road Projects and the David Corridor on the National Security of the Kurdistan Region: A Study of Challenges and Opportunities

Dr. Biston Omarnouri
beastun.nuri@su.edu.krd
College of Political Sciences/ Salahaddin University-Erbil
Dr. Kamran Majid Hussein
College of Political Sciences/ Salahaddin University-Erbil
camera.hussen@su.edu.krd

## Abstract

This study provides an in-depth analysis of the impact of major projects, such as the Development Road and the David Corridor, on the national security of the Kurdistan Region of Iraq. Through this study, each of these projects, based on hegemony and development, will be "explained" and their impact on political stability, economic sovereignty, and security in the Kurdistan Region. The importance of the study lies in the coincidence of these initiatives with the growing geopolitical challenges in the region, which requires an understanding of the security dimensions of the Kurdistan Region to analyze the impact of these two projects on the region's national security. Ultimately, the most important conclusion of this study is that the Iraqi Development Road project threatens to marginalize the region economically and security-wise if it is not effectively integrated into its logistics routes. The Kurdistan Region could eventually become a regional logistics hub if it leverages its geographic location.

**Keywords**: Security, National Security, Kurdistan Region, Development Path, David's Path, Regional and International Projects.

## پێشەکی

پرۆژەی "ڕێگەی گەشەپێدان"، دەستپێشخەرییەکی ستراتیژییە ئامانج لێی بەستنەوەی بەنداوی فاو لە باشووری عێراق بە سنووری تورکیا لە باکوو، دواتریش بە ئەورووپا. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی عێراق وەک ناوەندێکی بازرگانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی. لەبەرامبەردا ڕێگەی نێودەوڵەتی ناسراو بە "ڕێگای داودی" کە بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت، یەکێکە لە گرنگترین ڕێڕەوی وشکانی کە ناوچەکە بە تورکیا وبازاڕە جیهانییەکانەوە دەبەستێتەوە.ئەم دوو ڕێگەیە، بە سروشتی ئابووری وستراتیجی خۆیان، نەک تەنها لە ڕوانگەی ژێرخانی وگەشەپێدانەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی هاوسەنگی سیاسی و هەرێمیشدا، بە شێوەیەکی نزیک بە چەمکی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستانەوە گرێدراون. لە ئەگەری بەشداری هەرێم بە پرۆژە کانی ڕێگەی گەشەپێدان و ڕێڕەوی داودی، دەرفەتێکی بۆ دەرەخسێت بۆ بەهێزکردنی بوونی خۆی لە چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەتی عێراقدا.

بەڵام دوورخستنەوەی هەرێم لە قۆناغی پلاندانان وجێبەجێکردن، یان پەراوێزخستنی ڕۆڵی لۆجستیکی، دەتوانێت لە ماوەی مامناوەنددا ببێتە هەڕەشەیەک وئاڵینگارییەکی واقعی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، بە کەمکردنەوەی کاریگەرییە جوگرافییەکەی وپەراوێزخستنی ئابووری ناوچەکەی. بەم پێیە، هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێڕەوی ئەو ڕێگەیانە یان شێوازی بەکارهێنانیان، دەتوانێت ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ناوەندەکانی دەسەڵات لە ناو هەرێم وپەیوەندی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ودەوڵەتانی دراوسێی ناوچەیی لە ئەگەری جێبەجێکردنیاندا هەبێت. ئەمەش وادەکات پەیوەندی نێوان ئەم پرۆژانە وئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان ڕووکەش و هەلومەرجی نەبن، بەڵکو پەیوەندییەکی ستراکچەرییە کە پەیوەندی بە توانای هەرێمەوە هەیە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ڕێژەیی خۆی و دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی و چەسپاندنی پێگەی جیۆپۆلەتیکی خۆی لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچە کە دا.

**گرنگی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی لە گەڕان بەدوای بابەتێکی گرنگدا سەرچاوە دەگرێت، کە لەگەڵ ڕێڕەوی گەشەپێدان وهەژموون و ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی یەکدەگرێتەوە، لە نێوان گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکەدا. پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و ڕێڕەوی داودی لە ناو هەرێمدا تەنیا پرۆژەی ژێرخانی کلاسیکی نین؛ بەڵکو ئامرازی جیۆپۆلەتیکی گرنگ پێکدەهێنن کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ناوچەکە بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەت هەبێت. شیکردنەوەی ئەم کاریگەرییە پێویستییەکی زانستی و پراکتیکییە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەدەبیاتە سنووردارەی کە لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوی کوردستانییەوە پەیوەندی نێوان گەشەسەندن وهەڕەشە ئەمنییەکان دەکۆڵێتەوە. لێرەوە ئەم توێژینەوەیە کەلێنێکی توێژینەوەی پڕدەکاتەوە و دیدێکی ستراتیژی پێشکەش بە بڕیاردەران دەکات لە ئەگەری چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە سەبارەت بە چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی دەرفەتەکان و سەقامگیری نەک هەڕەشە وئاڵینگارییەکان.

**ئامانجی توێژینەوە**

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێـەوە:

١-شیکاری سروشتی ڕێگەی گەشەپێدان لەڕووی ڕێڕەوی و ڕەهەندە ئابووری وسیاسی و ئاسایشی وجیۆپۆلەتیکی، و دیاریکردنی ڕادەی پێگەی هەرێمی کوردستان تێیدا دەکات ، نیشاندانی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیەتی.

٢-دیراسەکردنی پرۆژەی ڕێڕەوی داودی وەک ڕێڕەوێگی گرنگی جیۆپۆلەتیکی بۆ ناوچەکە وکاریگەریەکانی لە ئەگەری جێبەجێکردنیدا بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان.

٣-دەستنیشانکردنی ئەو دەرفەتانەی کە هەرێمی کوردستان دەتوانێن بۆخۆی فەراهەمی بکات، لەڕووی بەهێزکردنی پێگەی ئابووری وبەستنەوەی بە بازاڕەکانی هەرێمەوە، و بەدەستهێنانی ئاستی سەقامگیری ئابووری کە پاڵپشتی ئاسایشی نەتەوەیی بکات.

٤-تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاڵینگارییەنەی کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دەبیتەوە لە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە، بەتایبەتی ئەگەر هەرێم لە پلانەکانی جێبەجێکردن دوور بخرێتەوە.

٥-پێشنیارکردنی دیدگایەکی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی ئالینگارییەکان و زیادکردنی دەرفەتەکان لە چوارچێوەی پەیرەوکردنی ستراتیجیەتیکی کونجا و هاوسەنگ.

**پرسیاری تویژینەوە**

لە میانەی ئەم تویژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وەڵامی پرسیاری سەرەکی تویژینەوە بدەینەوە کە ئەویش بریتیە لە : پرۆژەکانی ڕێگەی گەشەپێدان وڕێڕەوی داودی، کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانی- عێراق دەبێت یاخود نا؟

بۆوەڵام دانەوەی پرسیاری سەرەکی پێویستمان بەچەند پرسیارێکی لاوەکی دەبێت؟

١-ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان چین؟

٢-تاچەند ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان کاریگەرە بە پرۆژەکانی ڕێگەی گەشەپێدان وڕێڕەوی داود؟

٣-گرنگترین دەرفەت وئالینگارییەکانی بەردەم ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان چین لە چوارچیوەی پرۆژەکانی ڕێگەی گەشەپێدان وڕێڕەوی داودی؟

**گریمانەی تویژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە پرۆژەکانی گواستنەوە و گەشەپێدانی ناوچەیی، دیارترینیان ڕێگەی گەشەپێدان وڕێڕەوی داودی، تەنیا پرۆژەی ئابووری نین، بەڵکو لە چوارچێوەی خۆیاندا ڕەهەندی جیۆپۆلەتیکی وئەمنی ڕاستەوخۆ هەڵدەگرن کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە. یان دەتوانن سەرچاوەی دەرفەتە ستراتیژییەکان پێکبهێنن ئەگەر هەرێم بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵیاندا تێکەڵ بکرێت، یان دەکرێ ببنە هەڕەشەیەکی ئاسایشی وسیاسی جدی ئەگەر پەراوێز بخرێت یان پێگەی جیۆپۆلەتیکییەکەی لە پلاندانان وجێبەجێکردندا بوونی نەبێت.

**میتۆدی تویژینەوە**

تویژینەوەیەکی چۆنایەتییە (Qualitative)، و بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری تویژینەوەوەکە سەڵماندنی گریمانەی تویژینەوە پێویستمان زیاتر بە میتۆدێك هەیە، وەك میتۆدی شیکاری وەسفی. وەسفی بەشێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و پرۆژەکانی ڕێگای گەشەپێدان و ڕێرەوی داود دەکات، و شیکردنەوە بۆ کاریگەری پرۆژەکانی گەشەپێدان و ڕێرەوی داود لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەروەها میتۆدی ( Case Study)وەردەگرین بۆ هەهەردوو پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و ڕێرەوی داود.

**چوارچێوەی تیۆری**

لە ڕووی تیۆریەوە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی، بەپێی ڕێبازەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئەمنی ، تیۆری بەئاسایشکردن(Securitization) دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ ئەم تویژینەوەیە" بەشێوەیەك ئۆل وەیڤەر(Ole Waever) و باری بوزان( Barry Buzan) [١]ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەکتەرێکی دیاریکراو پرسێك ڕادەگەێنێت، بەڵام ئەم پرسە دەبێتە مەترسی بۆسەر ئەکتەرێکی دیکە، بۆیە لایەنی بەرامبەر هەموو ئامرازێك بەکاردەهێنێت بۆ نەهێشتنی ئەم مەترسییە. ئەمەش دەکرێت هەرێمی کوردستان هەریەکە لەم پرۆژانە بە هەرەشە و مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی لێك بداتەوە، بەگوێرەی ئەوسیاسەتەی کە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەن، ئەمەش لەپێناو گرتنەبەری ڕیوشوێنی پێوست وگۆرینی هەرەشەکان بۆ دەرفەت.

**پەیکەری تویژینەوە**

ئەم تویژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پێشنیارەکان سێ تەوەرە لە خۆدەگرێت، تەوەرەی یەکەم : تیشك دەخاتە سەر چوارچێوەی تیۆری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، تەوەرەی دووەم باس لە کاریگەربوونی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەکانی ڕێگەی گەشەپێدان و ڕێرەوی داودی دەکات، تەوەرەی سێیەم و کۆتایی تیشك دەخاتە سەر ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و ڕێرەوی داود .

**تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان**

ئاسایشی نەتەوەیی بە چەمکێکی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بنیاتنانی دەوڵەت دادەنرێت. ڕەهەندەکانی بەپێی ئەو مەترسی وژینگە سیاسی وکۆمەڵایەتیانەی ڕووبەڕووی قەوارە سیاسییەکان دەبنەوە دیاریدەکرێت بەتایبەتی ئەوانەی بە تایبەتمەندی دەستوری وسیاسی تایبەتمەندن، وەک هەرێمی کوردستانی عێراق.

**یەکەم: ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان**

پێناسەکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕەهەند و لایەنی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەك هەر بیرمەندێك لە ڕوانگەیەکەوە پێناسەی بۆ ئەم چەمکە کردوە, لەڕوانگەی والترلیپمان (Lippmann) پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی **(**بریتیە لە وەی هەر نەتەوەیەك لە ئاسایش دەژیت ئەگەر بتوانێت پارێزگاری لە بەها بالاکانی بکات لەکاتی جەنگ، واتە کاتێك کەڕووبەڕووی

---

[١]-بۆزیاتر زانیاری سەبارەت بەم تیۆرە بڕوانە: Buzan, Barry, Ole Wæver, and Jaap de Wilde. *Security: A New Framework for Analysis*. Boulder: Lynne Rienner Publishers, 1998, pp. 21–23.

هەڕەشە دەبێتەوە.)(العامری،٢٠٠٩،ص١٥٧) ، هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێناسەیەدا جۆزیف نای (Joseph Nye) بەم شێوەیە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات(بریتیە لە نەبوونی هەرەشە لەسەر بەها باڵاکان و نەتەوە، دابینکردنی ئاشتی دڵنیایی لەسەر ئاستی هەرێمی لە ڕووی سەروەری و کلتوری ئابووری(Wyllie,2008,p74). کەواتە مەبەست لە ئاسایشی نەتەوەیی؛ پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و کۆمەڵگە و سەربەخۆییەکەیەتی، بەهێزکردنی توانایان لە جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگەکان، و زەمینەسازکردن بۆ ئەو بارودۆخانەی یارمەتیدەرن بۆ بەردەوامبوونی ژیان و گەشەسەندنی، خۆشگوزەرانی، پارێزگاریکردن لە یەکگرتوویی پێکهاتەی نیشتمان.

ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان  لە ژێر ڕۆشنایی ئالینگاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بووەتە پێویستییەکی بەپەلە، بەتایبەتی دوای پەرەسەندنی پرسی کورد لە سەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی و تێگەیشتنی زیاتری زلهێزەکان دوای بەشداریکردنی کورد لە شەڕی دژی تیرۆر  بەشداریکردنی لە  شەڕی داعش ساڵی ٢٠١٤ بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.( شبكة الجيوستراتيجى للدراسات، ٢٠٢٢)، بۆیە ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەر بەشێکی کوردستانی مێژوویی بە دوو بازنە بەڕێوە دەچێت بازنەی یەکەمی "ئاسایشی نەتەوەیی" کورد لەگەڵ ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیانەدا کۆدەکاتەوە کە بە پلەی یەکەم  بۆ چەند ساڵیك دەبێت لە ناوچە تێکەڵاوەکاندا پێکەوە دەژین،  بازنەی دووەم لایەنی جوگرافی لە خۆدەگرێت، بۆیە ناکرێت لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم بازنەیە پشتگوێ بخرێت، بەتایبەتی کە پرسی نەتەوەیی کورد لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە زیاتر زەقبۆتەوە ، ئەمەش دوای ئەوەی کە زیاتر تێکەڵ بە فەزای پرسە نەتەوەییەکان بووە،  بەتایبەت دوای بڕیای ئەنجامدانی ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥  کە هاوسەنگی لە نێوان نەتەوەیی  و نەتەوەیی  بەدیارکەوت کاریگەری لەسەر ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرد(بدرالدين، ٢٠٢٢).  لەگەڵ ئەمەشدا مانای ئەوە ناگەینێت کە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لەم دوو دامەزراوەیە کورت بکەینەوە، بەڵکو هەموو لایەنێکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە،   ئاسایشی هەرێم تەنها هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە(گەل وخاك وحکومەتەکەی) لەناو سنوورە دانپێدانراوەکانیدا، ولەدەرەوەی ئەوان درێژ نابێتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئاسایشی نەتەوەیی عێراق لە ڕووی پانتاییەوە فراوانترە لە ئاسایشی نەتەوەیی ناوچەکە(کفلی ، ٢٠٢٥).

**دووەم  ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان**

**یەکەم: ڕەهەندی سیاسی**

سەقامگیری سیاسی ناوخۆ بە بەردی بناغەی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. پێکهاتەی سیاسی هەرێم بە سیستەمێکی پەرلەمانیی دیموکراتی دەناسرێتەوە، ئەم سیستەمە ئامانجی پاراستنی قەوارەی سیاسی دەوڵەت-هەرێمە. دوو ڕەهەندی هەیە: ناوەکی ودەرەکی. ڕەهەندی ناوخۆ پەیوەندی بە یەکگرتوویی بەرەی ناوخۆ وئاشتی کۆمەڵایەتی ویەکێتی نەتەوەییەوە هەیە. ڕەهەندی دەرەکی پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنی ڕوانگەی سیاسی و ستراتیجی دەوڵەتانی  زلهێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیی بەسەر خاک وسەرچاوەکانی وڵاتدا وتاچەند بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتدا هاوتەریبن یان ناکۆکە (مصطفى،٢٠٢٥).

هەرێمی کوردستان بەهۆی پێگەی ستراتیجی لە ناوچەیەکەدا کە ململانێ و گرژیی بەردەوام بەخۆوە دەبینێت، ڕووبەڕووی ئاستەنگیی سیاسی دەرەکی ئاڵۆز دەبێتەوە.بۆیە بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەپاش ساڵی (٢٠١٠) لەم دیدگایەوە لە پێناو مانەوەی دا پەیرەوی لە سیاسەتی هەماهەنگی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی زلهێز و دراوسێی کردووە، بۆیە دەستتێوەردانەکان هەمیشە دۆخێکی ناسەقامگیریان دروست کردوە، بەشێوەیەك ژینگەی بە دیموکراسکردن و دەوڵەتسازی لاواز کردوە( شڤان عبدالرحمن . ٢٠٢٤، ل١٧٩)، ئەزموونی ڕابردوو وگۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان، هاوتەریب لەگەڵ فاکتەرە جیاوازە ناوخۆیی ودەرەکییەکان وا دەکات کە، ئەگەری بەرزبوونەوەی بارگرژی وململانێی نێوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ئارادا بێت ئەوا مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بوار ورەهەندەکانی دیکەی ئاسایشی دەبێت وتەنیا لە چوارچێوەی سێکتەری ئاسایشی سیاسیدا قەتیس نامێنێت(قادر،٢٠٢٣).

**دووەم: ڕەهەندی ئابووری**

هەرێمی کوردستان ئاسایشی ئابووری وابەستەی سیاسەتی نەوتە، چونکە پشتبەستنەکەی لە هەردوو مەودای کورت و درێژدا تاوەکو ئێستا هیچ جێگرەوەیەکی نیە، بەجۆرێك دەسەڵاتدارانی هەرێم پیان وایە سیاسەتی نەوتی هەرێم یەکسانە بە "ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم " بۆیە پرسی نەوت یەکێك بووە لە گەورەترین کیشەکانی نێوان حکومەتی ئیتحادی و هەرێم. هەرئەمەش وایکردوە کە قەیرانی بووجە و بڕینی بەشە مووچەی هەرێم تارادەیەکی زۆر بەسیاسی بکرێت(عزیز، ٢٠١٥).

لێرەدا بە گەڕانەوە بۆ ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووریانەی ڕووبەڕووی هەرێم بویتەوە و دەبێتەوە بەتایبەت دوای هاتنی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ و فایرۆسی کۆرۆنا ٢٠٢٠ و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم حکومەتی ئیتحادی و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم (٢٠٢٣) ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستانی خستە بەردەم چارەنوسێکی نادیار(مرکز الدراسات المستقبلية،٢٠٢٠،ص٨) ، ئەمەش لەکاتێك دایە کە بەگوێرەی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدڕالی لە عێراقی فیدراڵدا هەژماردەکات، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هەرێم ڕەخساند کە ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ لە ریگەی پەیرەوکردنی ستراتیژیەتێکی ئابووری گونجاو. لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەرێم پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینی لە بواری وەبەهینان و ئاوەدانکردنەوەدا، بەشێوەیەك لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا هەرێم بوو شوێن وپەناگە بۆ هەموو عێراقییەکان(محمود،٢٠٢٤)، لە ژێر ئەم ڕۆشنایەتییەدا حکومەتی ئیتحادی هەوڵی جدی داوە بۆ ڕێگری کردن لەم پێشکەوتنە، چونکە دەبێتە هەرەشە بۆسەرئاسایشی ئابووری هەریمی کوردستان وئاسایشی نەتەوەیی هەرێم، ئەمەش وادەکات قەوارەی هەرێم بەرەو لاوازیی بچێت.

**سێیەم: ڕەهەندی سەربازی**

لەهەرێمی کوردستان دا، ئەم ڕەهەندە ئاسایشییە دابەشی سەر دوو لایەن بووە، یەکێکیان دەزگاکانی (ئاسایش) کە واتە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیستەم دا کاری لەسەر کراوە و تارادەیەك بەرەو رێکخستنی یاسایی چوە ، ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە(٤) ٢٠١١، هەروەها دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەپیاسی ژمار(٥)٢٠١١، بوونی ئەم دوو جۆرە یاسایە هەنگاوێکی کردەییە لە هەوڵکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی (ئاکرەیی،٢٠٢١،ل٧٥).

لایەنی دووەم هێزەكانی پێشمەرگە لە خۆدەگرێت، ئەگەرچی ئەم هێزانە پاڵشتی نێودەوڵەتی هەیە لەلایەن ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا بەتایبەت دوای شەری داعش (٢٠١٤)، زیاتر پالپشتی داریی لەخۆدەگرێت كە بۆ ساڵی ٢٠٢٣ (٢٤٠) ملیۆن دۆلار بوو(ئەحمەد،٢٠٢٣،ل٢٢٢)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم هەمیشە بوونی هەیە لەكاتێك ئەگەر هەرێم كار لەسەر دروستكردنی هێزێكی یەكگرتوو نەكات. ئەمە دوولایەنە دەبیت لەلایەك پالپشتی دەرەكی بۆ هەرێم نامێنێت، و دووم هەرەشە دەرەكییەكان بۆسەرهەرێم زیاتر دەبێت(ئەحمەد،٢٠٢٣،ل٢٣٤). هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم، وەک پۆلیس وئاسایش وپاسەوانی هەرێم.بڕبڕەی پشتی بەرگریە لە هەرێمی كوردستان. بەگوێرەی دەستووری عێراق هێزی چەكداری ئاسایین لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم دان(الدستور العراق،٢٠٠٥، المادة ١٢١)، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم هێزانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لە بواری چەكداری ومەشق وڕێكخستن، چونكە پێویستی بە چەكی مۆدێرن ومەشقی پێشكەوتوو هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە هاوچەرخەكان .(Dylan,2017)

**چوارەم: ڕەهەندی ژینگەیی**

ئاسایشی ژینگەیی بە لایەنێكی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی هەژماردەكرێت، بەهۆی ئەم گرنگیەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان چەندین ڕێوشوێنی گرنگی گرتۆتەبەر بەمەبەستی ڕووبەرووبونەوەی ئالینگاریە نیوخۆیی ودەرەكییەكان كە هەڕەشەی جدی لە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی كوردستان دەكات، بەتایبەتی پیسبوون وبە بیابانبوون وكەمی ئاو، گۆڕانی كەشوهەوا هەڕەشەیەكی ستراتیژی درێژخایەنە، كاریگەری لەسەر سەرچاوەكانی ئاو وكشتوكاڵ وتەندروستی گشتی هەیە. لە ساڵانی ڕابردوودا هەرێم شەپۆلی گەرمای توند وكەمبوونەوەی بارانبارینی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش كاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک و پیشەسازیی وكشتوكال وئاو هەبووە. (هيئة الحماية وتحسين البيئة في إقليم كوردستان العراق، ايار٢٠٢٤). لەسەر ئەم بنەمایە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا حكومەتی هەرێمی كوردستان كۆمەڵێک ڕیوشوێنی گرنگی كرتیتەبەر بۆ پاراستنی ژینگەی ناوچەكە لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا ١٤ هەزار و٣٩٠ مۆڵەتی ژینگەیی بۆ پرۆژەكان دەرچووە وزیاتر لە ٢٥ هەزار پرۆژەی ژینگەیی چاودێری كراون بۆ هەڵسەنگاندنی پابەندبوونیان بە ڕێنماییە ژینگەییەكان. وكار بۆ داخستنی سەرجەم پاڵاوگە نایاساییەكان دەكات كە مەرجە ژینگەییەكانیان تێدا نییە. جگە لەوەش هەوڵدەدات ئاسایشی ئاو لە هەرێم بەرزبكاتەوە بە دروستكردنی هەشت بەنداو وژمارەیەكی زۆر بۆند بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی و بەردەوامیدان لە پەرەپێدان ودامەزراندنی پرۆژەی كشتوكاڵی. پێویستە هەموو پرۆژەكان لانیكەم ٢٥%ی زەویەكانیان بگۆڕن بۆ شوێنی سەوزایی وبەكارهێنانی ئاو ڕێكبخەن ووێستگەی پاككردنەوەی ئاوی پیس دابنێن(حكومە إقليم كوردستان،٢٠٢٥).

**پێنجەم: ڕەهەندی كۆمەڵایەتی**

ئامانجی ئەم ڕەهەندە دابینكردنی ئاسایشە بۆ هاوڵاتیان تا ئەو ڕادەیەی كە هەستی سەربەخۆیی ودڵسۆزی پەروەردە بكات. بەبێ دادپەروەری كۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پڕكردنەوەی بۆشاییە چینایەتییەكان وپەرەپێدانی خزمەتگوزارییەكان، ئاسایشی نیشتمانی لە مەترسیدادەبێت. هەروەها پەیوەستە بە بەهێزكردنی یەكێتی نەتەوەیی وەک مەرجێكی سەرەكی بۆ یەكپارچەیی

ویەکگرتویی دەوڵەت وهاوڵاتیان، ونادادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە هەندێک چین یان زیادبوونی ڕێژەی هاووڵاتیانی ژێر هێڵی هەژاری، مەترسییەکی ڕاستەقینەی ناوخۆیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکات کە کۆنترۆڵکردنی ئەستەمە، لە ژێر ڕۆشنایی خراپتربوونی کێشەکانی بێکاری، نیشتەجێبوون،تەندروستی،پەروەردە وبیمەی کۆمەڵایەتی (مصطفى،٢٠٢٤).

لەگەڵ ئەمانەشدا، لەدوای ٢٠٢٣ چەندین تاوانی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان ڕێژەکەی لە زیادبوون دایە، وەك لادانی کۆمەڵایەتی، تاوانی ڕێکخراو و گەندەڵی و لێکترازانە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان ئەمەلەلایەك، لە لایەکی دیکەوە بەرزبوونەوەی ئاست و ڕێژەی بەکارهێنان و بازرگانی بە مادەی هۆشبەر و، هەروەها بەردەوامیی کۆچی بەکۆمەڵ یاخود کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ دەرەوە لەو هەڕەشانەن دەتوانێت وەکوو مەترسییەکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکرێت(قادر,٢٠٢٣). کەواتە ئەگەر بەپێی ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خوێندنەوە بۆ واقعی کوردستان بکەین، دەبینین ئاماژەکان مایەی دڵخۆشی نین، چونکە نەبوونی دەستوور وادەکات زەمانەتی پاراستنی کیان و چوارچێوەی یاسایی و سیاسیی بۆ هەرێمی کوردستان بەرجەستەنەبێت. ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێ (محمد،٢٠٢٣).

## تەوەرەی دووەم

### کاریگەربوونی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەکانی ڕێگەی گەشەپێدان و داود

ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو جیۆپۆلیتیکەی کەهەیەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری پرۆژەی گەشەپێدان و ڕێرەوی داود، لەم تەوەرەیە تیشك دەخەینە سەر پێگە وکاریگەری ئەم پرۆژانە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەریمی کوردستان.

**یەکەم: ناساندنی پرۆژەکانی ڕیگەی گەشەپێدان و ڕێرەوی داود**

**١: ڕێگەی گەشەپێدان (کەناڵی وشک) لە نێوان عێراق و تورکیا:**

ڕێگای گەشەسەپێدان لە عێراقدا پرۆژەیەکی بوێرانە و پێویستە لە وڵاتێکدا کە بەهۆی دەیان ساڵ شەڕی ناوخۆ و ململانێی نەتەوەیی و تائیفی و گرژییە جیۆپۆلەتیکیەکانەوە ماندوو بووە. ئەم پرۆژەیە کە بە ١٧ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، ئامانجی ئەوەیە عێراق ببێتە ناوەندێکی گواستنەوەی ناوچەیی لە ڕێگەی بەستنەوەی ناوچەکانی باشووری وڵاتەکەی بە سنووری تورکیا لە باکوورەوە(Alaaldin,2024,p3).

پرۆژەکە لە سێ قۆناغ پێکدێت، لە بەندەری فاو لە بەسرە دەستپێدەکات و بە کەربەلا و بەغدا و موسڵدا تێپەردەبێت و لە ڕێگەی فیشخابور و دەروازەی سنووری ئاڤاکۆی تورکیاوە سنووری تورکیا دەبڕێت(احمد,٢٠٢٣). بەندەری فاو بەستراوەتەوە بە تۆڕێکی هێڵی ئاسنین و ڕێگاوبان کە نزیکەی ١٢٠٠ کم لە ڕێگەی خاکی عێراقەوە درێژدەبێتەوە، پێش ئەوەی بە تۆڕی هێڵی ئاسن و ڕێگاوبانی تورکیاوە ببەسترێتەوە. عێراق ئامانجی ئەوەیە کە بەندەری گراند فاو کەشتییە گەورەکان لەخۆبگرێت و ٩٩ شوێنی بارکردن و دابەزاندنی لەخۆبگرێت. بڕیارە تا ساڵی ٢٠٢٨ بەندەرەکە تەواو بێت، تۆڕی شەمەندەفەر و ڕێگاوبانەکانی عێراق پلانی بۆ دانراوە بۆ ئاسانکاری گواستنەوەی کاڵاکان بۆ تورکیا، ڕێگەیان پێبدرێت لە ڕێگەی بەندەری مێرسینی

توركياوە بگەنە دەریای ناوەڕاست و دواتر لە ڕێگەی وشکانییەوە لە ڕێگەی ئەستەنبوڵەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەوروپا. بڕیارە تا ساڵی ٢٠٥٠ پرۆژەکە بە تەواوی تەواو بێت(الايدامی، الزاهدی، ٢٠٢٣،ص٤٤-٤٥)

هەروەها دروستکردنی چەند شارێکی پیشەسازی و نیشتەجێبوون لە عێراق لە هەردوو دیوی ڕێگاکەدا دەگرێتەوە. هێڵی کاتیی پرۆژەکە لە سێ قۆناغ پێکدێت، کە بڕیارە یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٢٨ کۆتایی پێبێت، دووەمیان لە ساڵی ٢٠٣٣ و سێیەمیشیان لە ساڵی ٢٠٥٠، تا ئێستا ٤٠%ی قۆناغی یەکەم تەواو بووە، بە ئامانجی توانای سەرەتایی شەمەندەفەری بارهەڵگر کە ٣,٥ ملیۆن کۆنتێنەر و ٢٢ ملیۆن تۆن بارهەڵگری گەورە ساڵانە. بەپێی خەمڵاندنەکانی عێراق، پێشبینی دەکرێت قازانجی ساڵانەی کەناڵە وشکەکە بگاتە ٤,٨ ملیار دۆلار، ئەمەش بەشدارە لە هەمەچەشنکردنی ئابووریی کەمکردنەوەی وابەستە بە نەوتی عێراق و ڕەخساندنی نزیکەی ١٠٠ هەزار هەلی کار(الايدامی، الزاهدی، ٢٠٢٣،ص٤٤-٤٥).

نەخشەی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان




المصدر: (حسن، ٢٠٢٤)

بەڵام پرۆژەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگە ناوخۆییەکان دەبێتەوە، دیارترینیان پاراستنی سەقامگیری ئەمنی و دووبەرەکی سیاسی و گەندەڵی بەرفراوان، هەروەها ئەگەری ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێی وایە پلانی پرۆژەکە بە ئەنقەست هەرێم لە ڕێڕەوی وشکانی خۆی دوور دەخاتەوە. (فاضل،٢٠٢٤، ص٨٩).


**٢: پرۆژەی "ڕێڕەوی داود"ی ئیسرائیل**

بیرۆکەی پرۆژەی (ڕێڕەوی داود) لە مانگی ئابی ٢٠٢٤دا هاتە ئاراوە، کاتێک دۆناڵد ترەمپ کە ئەوکات کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا بوو، لێدوانێکی دراماتیکی دا وتی: ئیسرائیل لەسەر نەخشە بچووک دەردەکەوێت و هەمیشە بیرم لەوە کردۆتەوە کە چۆن دەتوانین فراوانتری بکەین. بەتەنها مانگێک دوای لێدوانەکەی ترامپ، بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دوو نەخشەی بەدەستەوە بوو، یەکێکیان سەوزی کرد و بە "نەخشەی بەرەکەتدار" ناوی برد، وەک نەخشەیەک وەسفی کرد کە

ڕۆژهەڵات بە ئەوروپاوە دەبەستێتەوە بەشێوەیەک کە بەڵێنی خۆشگوزەرانی و ئاشتی دەدات، ئەوی دیکەشیان ڕەنگی ڕەش کرد و بە "نەخشە نەفرەتییەکە" ناوی برد. کە هەریەکە لە عێراق و ئێران و لبنان و بەشێکی کەمی یەمەن لە خۆدەگرێت(الهوارى، ٢٠٢٤).

پرۆژەی "ڕێرەوی داود" کە لە ئەدەبیاتی ئیسرائیلدا ئاماژەی پێکراوە، لە ئێستادا دەوڵەتی ئیسرائیل بە فوراتەوە دەبەستێتەوە، وسنوورەکانی عێراق وتورکیا پێکەوە دەورە داوە. "لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستەوە دەست پێدەکات، بە جۆلان، دارا، سویدە، ڕەقە، دێرەزۆر و ئەلتەنفدا تێدەپەڕێت، دەگاتە ڕووباری فورات. لە ئێستادا بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لەو شوێنانەن، ئەمەش بەو مانایەیە کە بەشێکی زۆری ئەو بنکە سەربازییە ئەمریکییانە لە ئێستاوە بەدرێژایی ئەم کۆریدۆرە هەڵکەوتوون. بە گوتەی چاودێران، پرۆژەکە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ دەدات بە ئیسرائیل بەسەر ئەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی وزە و گرنگییەکی جوگرافیای ژیانییان هەیە و لە ڕێگەی ئەم کۆریدۆرەشەوە؛ ئەو قەوارەیە هەوڵدەدات نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت بۆ ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بکات، جا لە ڕێگەی هێز، داگیرکردنی زەوی، یان بەدەستهێنانی وردە وردە بێت(صلاح ،٢٠٢٤).

نەخشەی ڕێگەی تێپەڕبوونی داود لە ئیسرائیلەوە




المصدر:(الرشيد، ٢٠٢٥)

لەم پرۆژەیەدا پاڵنەرەکانی ئیسرائیل فرەلایەنە دەردەکەون، لەوانە: **یەکەم:** دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە: ڕێڕەوەکە ئاسۆی نوێ دەکاتەوە بۆ گواستنەوەی نەوت و گاز لە کوردستانی عێراق و باکووری سوریاوە بۆ ئیسرائیل لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاست، وسەربەخۆیی وزە بەرز دەکاتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بازاڕەکانی ئەوروپا پتەوتر دەکات. **دووەم:** لاوازکردنی ڕکابەرە ناوچەییەکان: ڕێڕەوەکە بەشدارە لە کەمکردنەوەی نفوزی ئێران و سوریا لە ناوچە سنوورییەکان و حکومەتە ناوەندەکانی دیمەشق وبەغدا لاواز دەکات، ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات بە ئازادییەکی زیاترەوە کار بکات. **سێیەم:** پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورد: ئەم پرۆژەیە دەتوانێت بەردی بناغەی پەیوەندی ئیسرائیل لەگەڵ هێزە کوردییەکان پێکبهێنێت، جا چ لە

سوريا بێت یان عێراق، ئەمەش نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا زیاد بکات. چوارەم وکۆتایی: فراوانکردنی توانا سەربازییەکان: بە دامەزراندنی ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ دەستەبەرکردنی چەک بۆ هێزە کوردییەکان، (بطاینة،٢٠٢٤).

پێشبینی دەکرێت ئەو ڕێڕەوە ڕێڕەوێکی وشکانی بێت کە لە باشووری سوریاوە درێژدەبێتەوە وبە پارێزگاکانی دارا و ئەلسویدا و ئەلتەنەف تێپەڕێت و بگاتە ڕۆژهەڵات وباکووری سوریا و دواتر بە کوردستانی عێراقەوە ببەسترێتەوە. ئامانجی ئەم کۆریدۆرە دروستکردنی ڕێگەیەکی ستراتیژییە کە ڕاستەوخۆ ئیسرائیل بە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا وعێراقەوە ببەستێتەوە، بەهێزکردنی هاوکاری نێوان هەردوولا و کردنەوەی ڕێگەی نوێ بۆ گواستنەوەی نەوت وچەک، بەمەش کاریگەری بەهێزتر دەبێت.

**دووەم: کاریگەربوونی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان**

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان هەوڵی تەواوی خۆی دا، بۆئەوەی ببێتە بەشێکی سەرەکی لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان وبە خاکی هەرێم دا تێپەربێت، بەڵام بەگوێرەی نەخشەی بڵاوکراوە بۆ ئەم پرۆژەیە بەشێکی کەمی خاکی هەرێمی کوردستان لە خۆدەگرێت. لە گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە نێوان وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئانۆ جەوهەر، و بەڕێوبەری گشتی هێلی ئاسنینی عێراق ( یوسف ئەلکەعبی)، ئانۆ جەوهەر ئاماژەی بەوەکرد ئەم پرۆژەیەی ڕێگەی گەشەپێدان ڕێگەیەکی نێودەوڵەتیی هێڵی ئاسنین و ڕێگەی خێرا لە خۆدەگرێت" و بەشێوەیەك بە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەدا تێدەپەڕێت تا دەشتی نەینەوا، پاشان بۆ سێمێل بۆ ئەوەی بگاتە سنووری عێراق و تورکیا"، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو پێشنیارەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردویەتی بۆ ڕێگەی گەشەپێدان بۆ ئەوەی بەناو خاکی هەرێمی کوردستان دا بڕوات زیاتر لە ٣٢ کیلۆمەتر کورتتر دەکات، ئەمەش وایکردووە کەمتر تێچووی هەبێت و سەلامەتتر بێت". هەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەدا (یوسف ئەلکەعبی) ڕایگەیاند، "ئامانجمان بەستنەوەی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری کەرکوک بە تۆڕی شەمەندەفەری وڵاتەوە"( موقع کوردستان ٢٤،٢٠٢٤). هەروەها لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی ڕوداو لە ریکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢لەگەڵ بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕاگەیاندنی وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ڕوونیکردەوە، "پرۆژەکە بە دەروازەی فیشخابوور لە پارێزگای دۆهوک تێدەپەڕێت، کە دەبێتە خاڵی بەستنەوە لەگەڵ لای تورکیا. هاوکات ئەم ڕێگەیە هەموو پارێزگارەکانیش بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پرۆژەکەش دەبێتە سەرچاوەی وەبەرهێنان بۆ هەموو پارێزگارەکان بەبێ جیاوازی". و ئێمە سورین لەسەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەشێک بێت لە سیستەمی ئابووری عێراق(روداو نت، ٢٠٢٤)

بۆیە لە ئایاری ٢٠٢٤، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەری گشتی هێڵی ئاسنی عێراق و کۆمپانیای ئیتاڵیی جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی ئاسنینی ڕیگای گەشەپێدان، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژۆکرد.( موقع کوردستان ٢٤ نت،٢٠٢٤) ، لە ٢ نیسانی ٢٠٢٤ بەڕێوەبەری فەرمانگەی ڕاگەیاندنی وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاند، "ڕێگای گەشەپێدان لە ئێستادا پڕۆژەیەکی ستراتیژی گرنگە" هەرێمی کوردستان بە پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" پێگەی ستراتیژی خۆی وەک ناوەندێکی لۆجستی و بازرگانی بەهێز دەکات، ئاسۆی نوێ بۆ گەشەپێدانی ئابووری دەکاتەوە و یەکگرتن لەگەڵ باقی عێراق و وڵاتانی دراوسێ بەرز دەکاتەوە. (گولان میدیا،٢٠٢٤) (گولان میدیا،٢٠٢٤). ئەم هەنگاوەی

عێراق سەر چاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تێروانینەی کە ئێستا کاتی گرنگی پێدانە بە عێراق چونکە دوای چەندین ساڵ لە قەیرانی ئەمنیو سیاسیو گرژیو ئاڵۆزی لە گۆڕەپانی عێراق، بە تایبەتی دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، عێراق پێویستی بەی بوژانەوە هەیە بۆیە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەستپێشخەری کراوە بۆ جێبەجێکردنی چەندین پرۆژە ، کە هاوکار دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی خۆی لە ناوچەکەو دروستکردنی ڕۆڵێکی ناوچەیی کاریگەرو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو کەنداودا، بۆیە هەنگاوەکانی بە ئاڕاستەی گەڕانەوەی پێگەی نەتەوەیی ی خۆی بووە، لە بەرانبەر دۆزینەوەی جۆرێک لە هاوسەنگی لە پەیوەندییە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکانیدا، کە بووەتە هۆی ناهاوسەنگی(صالح,٢٠٢٤، ل٩).

تێپەربوونی ئەم پرۆژەیە بە بەشێکی کەمی خاکی هەرێمی کوردستان بە گوتەی (باسم ئەلعەوادی) وتەبێژی عێراق، فاکتەرە تۆپۆگرافی و ئابوورییەکان هۆکاربونە بەهۆی زەوییە شاخاوییەکانی ناوچەکە، هەروەها توێژەری تورکی-عێراقی (مەهمەت ئەلاجا) لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ سەدا باس لەوە دەکات کە وەدەرنانی هەرێمی کوردستان تەنیا سیاسییە. ئەلاجا کە پێشتر لەسەر ئەو پرۆژەیە نووسیبووی، پیوایە دەنگدانی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ لە هەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوە لە عێراق پاڵی بە حکومەتی ناوەندییەوە ناوە بۆ تۆڵەسەندنەوە، ئەم پرۆەیە دەرفەتێکی باش دەبێت(Aziz,2025). تورکیا دەیەوێت بەم پرۆژەیە حکومەتی عێراق لە دژی کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ولە ڕێگەی گواستنەوەی وزەو پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانەوە بەدەر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، دەکرێت بگوترێت یەکێک لە هۆکارەکانی لەشکرکێشیی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان دامەزراندنی ئەم بنکانە بە ئامانجی بەرەوپێشچوونی ڕێرەوەی ڕێگەی گەشەپێدان بووە. ئامانجی ستراتیژیی تورکیا بۆ دڵنیابوون لە ڕێگەی گەشەپێدان، داگیرکردنی زنجیرەشاخەکانی هەفتانین، مەتینا، ئاڤاشین، خواکوڕک، زاپ، گارە، قەندیلو ئاسۆس بوو(صالح" ٢٠٢٤"ل٩).

لێرەدا بە خوێندنەوەی ئەم پرۆژەیە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە هەرێمی کوردستان بەشێکی بچووکی ئەم پرۆژەیە یە، بە بەراورد بە پێگەی جوگرافیاکەی پشتگوێ خستنێکی بەرچاوی تێدا دەبینرێتن ئەمەش دەرخەری ئەوەیە عێراق نایەوێت هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی سەرەکی ئەم پرۆژەیە بێت، هاوکات تورکیا هەمان مەبەستیەتی، بۆیە بەهێزبوونی پێگەی عێراق لە سەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی کاریگەری ڕاستەخۆی دەبێت لەسەر پێگە و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، چونکە لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و سیاسیەوە دەچێتە بازنەی پاشکۆ و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرەو قۆناغێکی مەترسی دار و پوکانەوە دەچێت.

**سێیەم: کاریگەربوونی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەی (ڕێرەوەی) داود**

لەگەڵ ئەوەی تائێستا بیروبۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەمە پرۆژەیە" یان ڕیرەوە" چونکە لە خوێندنەوەکان بە هەردوو دەستەواژە ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ ئەمەشدا تائێستا بەفەرمی نە ناسینراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ڕەفتار و سیاسەتی ئیسرائیل ئەم ڕیرەوە بەدیاردەکەوێت.

پێگەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان کە دەکەوێتە باکووری عێراق، ئەمەش وایکردووە ببێتەخاڵێکی گرنگ بۆ بەیەك گەیاندنی ئیسرائیل و ناوچە کوردستانییەکانی سوریا وعێراق، بەمەش ئاسانکاری بۆ دروستکردنی ڕێرەوێکی وشکانی لە

ئیسرائیلەوە بە باشووری سوریاوە بۆ کوردستانی عێراق ئاسانتر دەبێت. بۆیە هەرێمی کوردستان بە خاڵی کۆتایی ئەم ڕێڕەوی پێشنیار کراوە دادەنرێت. لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە ئیسرائیل بەدوای دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە لە باکووری عێراق، بەتایبەتی ئەو بوارانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبێتە دابینکردنی ڕێڕەوێکی وشکانیی پارێزراو بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکان دوور لە کاریگەریی ئێران(موقع الوثيقة، ٢٠٢٥).

لەسەر ئەم بنەمایە ناوچەکە لە بەردەم گۆڕانکاریی بنەڕەتیدایە، کە تەنها گۆڕانی دەستبەجێی ڕژێم لە خۆناگرێت! بەڵکو وێنەیەکی نوێ دەکێشێت لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە ڕێکەوتنامە و پەیمان نامە کۆنە مێژووییەکان وەک (ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، جاڕنامەی بالفۆر، پەیمانی ڤێرسای و پەیمانی لۆزان)، کە جوگرافیای ئێستای ناوچەکەی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا لە قاڵب داوە ئەوەی ڕوودەدات نوێنەرایەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکخستنە ناوچەییە دەکات(البطانية، ٢٠٢٤)، ئەو بیرۆکەیەی کە ئیسرائیل کە هەوڵی جدی بۆدەدات جێبەجێبکرێت" شرۆڤەکاران و سیاسەتمەدارانی تورکیا ترسی خۆیان دەربڕی کە ئیسرائیل لەگەڵ کورد انی سوریا هاوپەیمانی دەکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئیسرائیل بەسەر بەشێکی بەرفراوانی خاکی نێوان بەرزاییەکانی جۆلانی و ناوچەی فورات دابمەزرێنێت، ئەوان دەڵێن، ئامانج لێی دروستکردنی زەوییەکی بەردەوامە لە نێوان ئیسرائیل و ئەو ناوچانەی کە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە کۆنترۆڵکراون، بۆ ئەوەی هەردوولایەن تورکیا و ئێران نەتوانن ئامادەیی خۆیان لە سوریادا جێگیر بکەن(.Newarab,2025 ), ئەم ناوچانەی کە ئەم رێرەوە لە خۆدەگرێت شوێنی بنکە سەربازییەکانی ئێستای ئەمریکایە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە واتە بەشێکی زۆری ئەو بنکە سەربازییە ئەمریکییانە لە بنەڕەتدا بەدرێژایی ئەم کۆریدۆرە جێگیرکراون. بە دڵنیاییەوە ئەو کۆریدۆرە لەژێر چاودێری ئەمریکا و بنکەکانیدا دەبێت لە ناوچەکەدا و ئەگەر بێتەدی، کۆنترۆڵی تەواوتی بۆ ئیسرائیل دابین دەکات بەسەر ناوچە بەرفراوانەکاندا کە دەگاتە سنووری عێراق و سوریا، هەروەها یارمەتیدەر دەبێت لە دامەزراندنی دەوڵەتی دروز لە باشووری سوریا، هەروەها دەوڵەتی کوردی لە باکوری سوریا (ئەگەر تورکیا ڕازی بێت). لەم بارەیە وە نووسەری ئیسرائیلی سیمدار پێری((Simdar Perry)) بە کەناڵی ١٠ی ئیسرائیلی وتووە، کە ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئوردن و میسر بە ڕەزامەندی یەکتر دەستبەرداری بەشێک لە زەوییەکانیان دەبن، لە ڕێگەی نیشتەجێبوونێکی ڕانەگەیەندراوەوە. پێشبینی دەکرێت تایبەتمەندییەکانی ناوچەکە بگۆڕدرێن، هەروەها وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا ئەنتونی بلینکن(**Antony Blinken**) ڕوون بوو کاتێک وتی: ئەوەی لە سوریا ڕوویدا بە ئاگاداری ئێمە ئەنجامدرا، و بە هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا و هەیئەت تەحریر شام. خەونی ئیسرائیل دیتە دی و رێرەوی داود لە ڕێگەی سوریاوە دەگاتە ڕووباری فورات (Bataniehm,2025).

نەخشەی ئاراستەی رێرەوی داود




المصدر:( ذمار نيوز، ٢٠٢٥)

کەواتە دیدگای نەتانیاهۆ تەنها لە لکاندنی خاکەکانی فەلەستین بە ئیسرائیل تێدەپەڕدەکات، بەڵکو لە پلانێکی فراوانتر خۆی دەبینێتەوە کە بریتیە لە دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دا بگونجێت، کە هەوڵدەدات پەیوەندی نوێ لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییە ئەمنییەکان و ئابوورییەکاندا بنیات بنێت وپێگەی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات.(العمری،٢٠٢٤). هەروەها هێرشەکانی ئیسرائیل لە ریکەوتی ٢٠٢٥/٦/١٣ بۆسەرئێران ئەنجامی دا ئەم ڕاستیەی زیاتر سەلماند کە هەوڵی گۆرینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەدات. لێرەدا گرنگی شوێنی هەرێمی کوردستانی عێراق لە پرۆژەکەدا:

١-لەڕووی جوگرافیاوە: ناوچەکە دەکەوێتە باکووری عێراق، ئەمەش وایکردووە ببێتە پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان ئیسرائیل وناوچە کوردییەکانی سوریا وعێراق، بەمەش ئاسانکاری بۆ دروستکردنی ڕێڕەوێکی وشکانی دەکات کە لە ئیسرائیلەوە بە باشووری سوریا درێژدەبێتەوە بۆ کوردستانی عێراق(میدلایست، ٢٠٢٥)

٢-بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان:ڕێڕەوەکە دەتوانێت هاوکاری ئابووری نێوان ئیسرائیل و کوردستانی عێراق بە تایبەتی لە بوارەکانی گواستنەوەی نەوت و بازرگانی بەرز بکاتەوە، ئاسۆی نوێ بۆ گەشەسەندنی ئابووری لە ناوچەکەدا بکاتەوە(المساة، ٢٠٢٥).

٣-کاریگەری جیۆستراتیجی:ئەم ڕێڕەوییە دەتوانێت کاریگەری ئیسرائیل لە ناوچەکەدا بەهێز بکات و کاریگەری لەسەر هاوسەنگی هێزی ناوچەکە هەبێت، ئەمەش ئەگەری هەیە کاردانەوەی وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیا و ئێران بورووژێنێت، کە ڕەنگە پرۆژەکە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان سەیر بکەن." بەمەش هاوسەنگی ÷یزی هەرێمیی گۆرانکاری بەسەردادێت(المساة،٢٠٢٥).

لێرە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ناوچە کوردنشیینەکان لە سوریا و هەرێمی کوردستان لە عێراق بەشێکی سەرەکی ئەم پرۆژەیە لەخۆدەگرن و بەمەش لە ئەگەری چوونە بواری جێبەجیکردن هەرێم دەچێتە قۆناغێکی جیاواز و پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری فراوان دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر

دەبێتەوە لە ناوچەکە چونکە هەریەکە لە ئێران و تورکیا وەك دوو دەوڵەتی زلهێزی هەرێمیی ئەوەندە بە ئاسانی رێگە بەم دەرفەتە نادەن .

**تەوەرەی سێیەم**

**ئالینگاری و دەرفەتەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە سود و زیانەکانی نیو پرۆژەکانی ڕێگەی گەشەپێدان و ڕێڕەوی داود**

هەرێمی کوردستان چ لە ڕووی ئابووری وچ لە ڕووی جوگرافییەوە بە شێکی گرنگی عێراقە، تێپەڕبوونی ئەم دوو پرۆژەیە بە ناوچەکەدا چەندین سوودی وئالینگاری بۆ بۆ هەرێمی کوردستان فەڕاهەم دەکات:

**یەکەم: سود و دەرفەتەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان**

**١- پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان**

أ-بەهێزکردنی پەیوەندی بازرگانی: ئامانجی ڕێڕەوی گەشەپێدان گۆڕینی ژێرخانی گواستنەوەی عێراقە، دوای ئەوەی چەندین دەیە لە ململانێ تۆڕەکانی ڕێگاوبان وهێڵی ئاسنی لە دۆخێکی خراپدا هێشتەوە. ئە مە تە نها کاریگەڕی لە سە ڕ توانای هاتووچۆی خە ڵک هە بووە، بە ڵکو تێچووی بازرگانی وبازرگانی بە ڕز کردە وە، بە مە ش لە گە ڵ جموجوڵی نێودە وڵە تی وناوچە یی کاڵا وخزمە تگوزارییە کاندا ڕێگر بوو. پرۆژەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەستنەوەی شارەکانی ناوچەکە، وەک هەولێر، سلێمانی، و دۆهوک، لەگەڵ باقی عێراق وتورکیا، ئاسانکاری بۆ بازرگانیکردن دەکات.دەکرێت ناوچەکە ببێتە خاڵێکی ترانزێتی سەرەکی بۆ ئەو کاڵایانە کە لە کەنداوەوە بەرەو تورکیا وئەوروپا دێن، بەشێوەیەك پالپشتی ئەمەریکا بۆ وەبەرهێنان دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەریەکە لە قەتەر وئیمارات وسعودیا وتورکیا ئامادەییان هەبیت لە پرۆسەی وەبەرهێنان لە عێراق(Alaaldin,2024,p4 ). بێگومان ئەمەش دەرگایەکی باش دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پرۆسەی وەبەرهێنان بەشێك لە هەرێم بگرێتەوە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی و لەباری کەش وهەواکەی، ئەم هەوڵەش دەگەڕێتەوە بۆ دیدگای بەپرسانی حکومی هەرێم کە دەبێت کاری جدی لەسەر بکەن لە ئاستەکانی سیاسی و دیبلۆماسی.

**ب**-باشترکردن و پتەوکردنی ژێرخان:دروستکردنی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسنی پێشکەوتوو لە ناوچەکەدا دەرفەتێك بەهەرێمی کوردستان دەدات کە بەشداربێت لە پەرەپێدانی لە بوارەکانی هێلەکانی گواستنەوەی ناوخۆیی، هەروەها لە هەمان کاتدا تێچووی گواستنەوە کەمدەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە دەروازەیەك دەبیت بۆ ئەوەی هانی وەبەرهێنەران بدات بۆ دامەزراندنی پرۆژەی نوێ(شفق نیوز،٢٠٢٤).سەقامگیریی و بوونی دڵنیایی لە هەرێم ئەگەڕێك و فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی سودی لێوەربگیرێت و وەبەرهێنەڕان لە کەرتە پێویستیە لە پێشینەکانی هەرێم وەبەرهێنان بکەن.

**ج**-زیادکردنی هەلی کار: هێنانی وەبەرهێنەڕان و کردنەوەی وێستگەی گواستنەوەی هیلی ئاسنین و ڕیگای خێرا، دەکرێت هەزاران هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دابین بکات.هەروەها ڕاکێشانی کۆمپانیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ وەبەرهێنان لە کەرتەکانی گواستنەوە و بازرگانی و خزمەتگوزای و نیشتەجێبوون هەلی کار فەراهەم دەکات بۆ عیراق و هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی بەیاننامەیەکی ناسر ساڵح ئەسەدی، ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق، پرۆژەکە لە قۆناغە

سەرەتاییەکاندا ١٠٠ هەزار هەلی کار دەرەخسێنێت، پاشان نزیکەی یەک ملیۆن هەلی کار لەکاتی تەواوبوونیدا دەرەخسێنێت (العبیدی، ٢٠٢٣).

د-کەمکردنەوەی تێچوون و کات:بەپێی خەمڵاندنەکانی حکومەت، تێپەڕاندنی ئەو ڕێگەیە بەناو کوردستاندا دەتوانێت کۆی مەودای پرۆژەکە بە نزیکەی ٣٢ کیلۆمەتر کەم بکاتەوە، بەمەش کاراتر وکەمتر تێچووی پرۆژەکە. بەشێوەیەك خزمەتگوزاری گواستنەوە گەشتکردن. (یەکسانە بە ٢٢ ملیۆن تۆن)، لەگەڵ زۆرترین خێرایی بۆ گواستنەوەی سەرنشینەکان ٣٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بە شەمەندەفەرە خێراکان، هەروەها نزیکەی ١٥٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بۆ گواستنەوەی کاڵاکان. ئەمەش تیچووی کەم دەکاتەوە(العبیدی، ٢٠٢٣)..

**٢- پرۆژە یان ڕێرەوی داود**

هەرچەند کوردەکان خۆیان بەدورگرتوە لە شیکردنەوە و دەرخستنی ئەم بابەتە، بەڵام بەگویرەی ئامانج و ئاراستەکان دەکرێت بڵین لە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم ڕیرەوە هەرێمی کوردستان چەندین سود و دەرفەت بۆ فەراهەم بێت گرنگترینیان ئەمانەن:

أ-بەهێز بوونی پێگەی جیۆسیاسی هەرێمی کوردستان: ڕەنگە ڕێرەوەکە ڕۆڵێکی ستراتیژیی گەورەتر بە هەرێمی کوردستان بدات لە ناوچەکەدا، کاریگەری سیاسی وئابوورییەکەی بەرزتر بکاتەوە، پرۆژەی "ڕێرەوی داود" پلانێکە کە پێدەچێت ئیسرائیل لە ڕێگەیەوە هەوڵی دروستکردنی ڕێرەوێکی وشکانی بدات کە زەویەکانی بە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا و عێراقەوە ببەستێتەوە، بە ئامانجی بەهێزکردنی کاریگەریی جیۆپۆلەتیکی و ئابووریی خۆی لە ناوچەکەدا. ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبیت لەسەر زیاتر کرانەوەی هەرێم بە جیهانی دەرەوە(موقع الوثیقة، ٢٠٢٥).

ب-بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان:دەکرێت ڕێرەوەکە بەشداربێت لە کردنەوەی کەناڵی بازرگانی نوێ لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئیسرائیل و بەرزکردنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ڕەخساندنی دەرفەتی ئابووری نوێ، بەمەش هەرێم دەرگای بازرگانی زیاتر بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا بۆ دەکرێتەوە و پەیوەندییە بازرگانی وئابوورییەکانی زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت(موقع العربي الجديد، ٢٠٢٤). چونکە ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لەوتارەکەی دا لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕێکەوتی ٢٧سیبتمبری٢٠٢٤ ئاماژەی بەوەکرد، وڵاتەکەی پابەندە بە "بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ". ڕوونیشیکردەوە، ئەو ڕێگەیەی کە چوار ساڵ لەمەوبەر لە ڕێگەی ڕێککەوتنە ئیبراهیمییەکانەوە کراوە، دەبێت بەردەوام بێت، و ئەمەش بە مانای گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی مێژوویی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و شانشینی سعودیە".سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەشکرد، وڵاتەکەی پابەندە بە"بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ". دەرفەتێك دەبێت بۆ ئاسایش وئابووریی هەردوو وڵات، بازرگانی و گەشتیاری لە سەرتاسەری ناوچەکەدا بەرەوپێش دەبات، هاوکات یارمەتیدەر دەبێت لە گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زلهێزێکی جیهانی ترسناک. بەمەش کوردستان لەم دەروازەیەوە دەتوانێت پەرە بە بواری بازرگانی وئابووری خۆی بدات(العكري،٢٠٢٤). ئاماژەی بەوەشکرد، ئاشتی نێوان ئیسرائیل و سعوودیە دەبێتە نیعمەتێک بۆ ئاسایش و ئابووریی هەردوو وڵات، بازرگانی وگەشتیاری لە سەرتاسەری ناوچەکەدا بەرەوپێش دەبات، هاوکات یارمەتیدەر دەبێت لە گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زلهێزێکی جیهانی ترسناک.

ج-ڕاکێشانی وەبەرهێنان: بێگومان پەرەپێدان وگەشەسەندن لە بواری وەبەرهێنان پێویستی بە سەقامگیریی وئاشتی و زیاتر بوونی پەیوەندییەکان هەیە، ئەم پەیوەندییەش پشتدەبەستێت بە فراوانکردنی تۆری پەیوەندییەکان لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن و بەندەرەکان و تەکنەلۆژیا و ژێری دەستکرد دەبێت، ڕێگە بۆ وەبەرهێنانی گەورە لە ژێرخانی ئابووریدا دەکاتەوە ئەمانەش بەشداردەبن لە پەرەپێدانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان-عێراق(النعامي، ٢٠٢٤).

د- ئەگەری زیاتر فەراهەم دەکات بۆ جێبەجێبوونی ریفراندمیسالَی ٢٠١٧: ئەم پرۆژە یا ن ڕێرەوە زیاتر کار لەسەر جێبەجێکردنی دیدگایەك دەکات کە بریتیە لە بنبرکردنی بەرەی تیرۆ کە بەهەرەشە و مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل هەژماردەکات و ئەم بەرەی تیرۆرە وەك سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (بنيامين ناتانياهو) لە وتارەکەی گە لە ٢٧ سیپتمبر ی ٢٠٢٤ لە بەردەم ئەندامانی نەتەو ە یەکگرتوەکان پێشکەشی کرد ئاماژەی پێدەکات لە درێژەی وتارەکەدا وتی " ئەگەر پێتان وایە نەخشە تاریکەکە جگە لە نەفرەتێک بۆ ئیسرائیل هیچی تر نییە، ئەوا پێویستە دووبارە بیربکەیتەوە. چونکە دەستدرێژیی ئێران، ئەگەر ڕانەگیرێت، هەموو وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆرێک لە وڵاتانی جیهان دەخاتە مەترسییەوە". کەواتە بە بەرتەسکردنەوەی نفوزی ئێران ئەوە ئەگەری دەستوەردانی ئێران لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کەمتردەکاتەوە"(موقع الرسمي للأمم المتحدة، ٢٠٢٤)، هەروەها پاڵپشتی کوردانی سوریا لە گەیشتن بە مافی خۆیان بەهەمان شێوە ئەم دەرفەتە زیاتر فەراهەم دەکات و لە گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی بۆ هەرێمی کوردستان نزیك دەبێتەوە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا، کاتێک ئەسەد و ڕژێمەکەی ڕووخا، ئۆفرا بەنجو، بیرمەندی ئیسرائیلی و یەکێک لە شارەزایە هەرە دیارەکانی پرسی کورد، داوای لە حکومەتی ئیسرائیل کرد کە ئەم دەرفەتە مێژووییە بۆ پشتیوانی لە کورد بقۆزێتەوە و وتی: کورد کەمینەیەک پێکدەهێنن کە پشتیوانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل دەکەن و بۆ پاراستنی ئۆتونۆمی خۆیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا پێویستیان بە هاوکارییە.بەڵام بیرکردنەوەی سەرکردەکانی دەوڵەتانی دراوسێ ئەمەقبوڵ ناکات، لێرەدا لە ئەگەری جێبەجێکردنی ڕێرەوی داود دەرفەتێک بۆ کورد دەرەخسێت بۆ گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست. (الرشدي،٢٠٢٤).

**دووەم: ئالێنگاری و مەترسییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان**

هاوتەریب لەگەڵ ئەگەری فەراهەم بوونی ئەم دەرفەتانە، هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی چەندین ئاستەنگ دەبێت لەکاتی جێبەجیکردنی ئەم دوو پرۆژەیە گرنگترین ئاستەنگەکان ئەمانە:

**١ : ئاستەنگ و مەترسییەکانی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بۆ هەرێمی کوردستان**

ا-عێراق لە ڕێگەی ئەم پرۆژەوە هەوڵدەدات کە ئامادەیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە بەمەبەستی پەراوێز خستنی هەرێم، بەڵام ئەمەش هەنگاوێك و گرەوێکی مەترسیدارە. چونکە پەیوەندییە مێژووییەکانی تورکیا لەگەڵ حکومەتی هەرێم، بویتە هۆی ئەوەی کە هەرێم ببێتە پایەی سەرەکی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی وئەمنییەکانی ناوچەیی ئەنقەرە. تورکیا لە مێژوودا سوودی لەم پەیوەندییە وەرگرتووە بۆ بەرزکردنەوەی نفوزی خۆی لە عێراق. ئەمەش واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی مێژوویی نەوتیی ٥٠ ساڵەی لە ساڵی ٢٠١٤دا گرتەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگ بوو لە بەهێزکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابووری، هەروەها دەرکەوتنی وەک پایەی بەرژەوەندییە جیۆستراتیژییەکانی تورکیا(موقع شفق

نیوز، ٢٠٢٤). لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە گرەوێکی مەترسیدارە چونکە بەرژەوەندییەکان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەمیشە لەپێشینەی سیاسەت و ستراتیجیەتی دەوڵەتە" بۆیە دەبێت هەرێمی کوردستان ئەم ئەگەرە وەك ئاستەنگێك هەژماربکات.

٢-پەراوێز خستنی هەرێمی کوردستان، کاریگەری دەبیت بۆئەوەی گرژییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا زیاتر بکات، بەتایبەتی سەبارەت بە دابەشکردنی وەبەرهێنان و پرۆژەکانی گەشەپێدان، ئەم هەنگاوە مەترسی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی هەریمی کوردستان دروست دەکات(Alaaldin,2023).

٣-هاوبەشی نێوان عێراق و تورکیا لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، ئەگەری کەمکردنەوەی ڕۆلی ئێران لە عێراق لە بواری وەبەرهێنان کەمبکاتەوەو ئەمەش لە لایەن ئێرانەوە قبوڵ کراو نییە" بۆیە هەمیشە ملمڵانێی هەرێمی زیاتر دەبێت و ئەم ملمڵانیانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری و لیکەوتەی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان(كامل، ٢٠٢٥).

**٢-ئاستەنگەکانی ڕێرەوی داود لەبەردەم ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان**

ا-هاوسنوری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران و تورکیا مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات، لەکاتێك ئەم ڕێرەوە کار لەسەر دروستکردنی هاوبەشییەکی نزیکی لەگەڵ هێزەکانی (قسد) دا دەکات، بۆ دەستەبەرکردنی ڕێرەوێکی وشکانی کە درێژدەبێتەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەمەش وەک ڕێرەوێکی ئابووری و ئەمنی بۆ ئیسرائیل، ئەم ڕێرەوە توانای ئیسرائیل بەرز دەکاتەوە بۆ پاراستنی بوونی ڕاستەوخۆ لە ناوخۆی عێراق، بەتایبەتی ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە کەڵک وەرگرتن لە هەولێر وەک ناوەندێکی گەورەی لۆجستی(النداف،٢٠٢٥). ئەم ڕوانگە مەترسیەکان بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی هەرێم زیاتر دەکات، هیرشەکانی ڕابردووی ئێران ئەم ڕاستییەمان بۆ دەسەڵمێنن.

ب-لایەنێکی دیکەی ئەو ئاستەنگانە کە لە ڕێرەوی داود بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەبیت، بەشیوەیەك ئەگەر لێك نزیك بوونەوە ڕوودات ئەوە دەولەتانی هەرێمی ڕوانگەیان بۆ هەریم دەگۆریت" چونکە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی ان دەکەوێتە مەترسیەوە، لەم حالەتەدا هەمووو هەنگاوێکی کردەیی دەگرنە بەر دژ بەهەرێمی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم دەکەوێتە ژێر هەرەشەی دەوڵەتانی هەرێمیی بەتایبەت عێراق و ئێران و تورکیا. چونکە هیچ یەکێك لەم دەوڵەتانە ئارەزووی نزیك بوونەوەی هەرێمی کوردستان ناکەن لەگەڵ ئیسرائیل (النداف،٢٠٢٥). لە ڕووی مێژووییەوە ئیسرائیل لایەنگری دۆزی کورد بووە و کاری کردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەم کۆریدۆرە دەتوانێ هەنگاوێکی دیکە بێت بەرەو پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوری وئەمنییەکانی نێوان ئیسرائیل و کورد، تەنانەت ڕەنگە ببێتە هۆی دانپێدانانی فەرمیی ئیسرائیل بە دەوڵەتێکی کوردی ئایندە(موقع الوثيقة،٢٠٢٤).

ج-ئاستەنگ و مەترسیەکی دیکە بۆسەر هەرێمی ئەوەیە، زیاد بوونی هەژموونی ئیسرائیل لە ناوچەکە ئەگەر بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی بەشێك لە دەوڵەتانی هەرێمیی لەگەل ئیسرائیل بەریەك بکەون" بەتایبەت ئێران و تورکیا و عیراق، هەر ناکۆکی ملمڵانی و جەنگێك ڕوودات کە ئەگەرێکی کراوەیە ئەگەر بچوکیش بێت" مەترسی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دروست دەکات(جميل، ٢٠٢٤).

## دەرئەنجامەکان

١-پێگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافی و هەستیاری شوێنەکەی بویتە خاڵێکی ستراتیژی لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران ئەمەش وادەکات کە بوونی هەر پرۆژەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دروست دەکات.

٢- پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق کە(پرۆژەیەکی ستراتیجی ئابووری دورمەودایە و عێراق دەخاتە سەر نەخشەی گەشەسەندنی جیهانی) هەڕەشەی پەراوێزخستنی هەرێم دەکات لە ڕووی ئابووری و ئەمنییەوە ئەگەر بە شێوەیەکی کاریگەر لە ڕێگا لۆجستییەکانیدا تێکەڵ نەکرێت.

٣- پرۆژەی یان کۆریدۆری داود کە (یەکێکە لە پێکهاتەکانی دروستکردنی ئیسرائیلی گەورە)دەتوانێت هەستیاری پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ زیاد بکات و ئەگەری هەیە کاردانەوەی ئەمنی و سیاسی لێبکەوێتەوە.

٤- هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی لۆجستیکی هەرێمی و نێودەوڵەتی ، ئەگەر هەڵکەوتە جوگرافییەکەی بە شێوەیەکی دروست بۆ پرۆژەی گەورە بقۆزرێتەوە. چونکە جیا لە ڕیڕەوی ئاوی کەنداوی فارس(عەرەب)ی دەریا سور و دەریای ناوەراست گشت پرۆژەکان لە ڕووی وشکانییەوە بەناو خاکی هەرێمی کوردستان دا تێپەردەبن.

٥- زیادبوونی وابەستەیی ئابوری هەرێمی کوردستان بە بەغدا لە ئەنجامی پرۆژە ئیقلیمییەکان، کە دەتوانێت خواستەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی ئابووری سنووردار بکات. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەش هەرێمی کوردستان دەبێتە مەڵبەندێکی گرنگ بۆ گواستنەوەی نێودەوڵەتی وبە هەزاران هەلی کار دەرەخسێنێت ئەمەش ئاستی بژێوی و داهاتی تاك لە هەرێمی کوردستان بەرزدەکاتەوە.

## پێشنیارەکان

١- بەهێزکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بۆ دڵنیابوون لە بەشداریکردنی هەرێم لە پرۆسەی گەشەپێدان وسود وەرگرتن لە سوودەکانی، بەپێەی بەشێکی ڕێگاکە بەهەرێمی کوردستان یان نزیك لە هەرێمی کوردستان تێپەردەبێت، بەمەش ئەرکی پاراستنی یاخود دورخستنەوەی هەرەشەکان دەکەوێتە سەر هەرێم.
٢-پەیرەوکردنی دیپلۆماسی هاوسەنگ (الدبلوماسية المتوازنة) لە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بۆ دوورکەوتنەوە لە کاردانەوەی نەرێنی وڵاتانی دراوسێ،چونکە ئیسرائیل وڵاتێکی کاریگەر و بەهێزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، هێرشەکانی بەم دواییەی بۆسەرچەند وڵاتێکی ناوچەکە بەتایبەت ئێران بوە هۆی زیادبوونی هەژموونی لە ناوچەکە.

٣-پەرەپێدانی ژێرخانی ناوخۆ بۆ سوودوەرگرتن لە پرۆژە هەرێمییەکان وکەمکردنەوەی پشتبەستن بە بەغدا.
چونکە هەرێم ڕێگەی ئاوی نییە و وڵاتێکی داخراوە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکیەوە، بۆیە پشتبەستن بە پەیوەندییە هەرێمیی ونێودەوڵەتییەکان بوارێکی فراوان دەرەخسێنێت بۆ گەشەسەندن و بوژانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی
٤-بەهێزکردنی ئاسایشی ناوخۆ بۆ چارەسەرکردنی هەر مەترسییەکی ئەگەری کە لەوانەیە لەم پرۆژانەدا سەرهەڵبدات"
ئەمەش بەکارکردنی یەکخستن و یەکگرتوویی هێزەکان دەبێت.

٥-زیادکردنی وەبەرهێنان لە کەرتە ستراتیژییەکانی وەک گواستنەوە، بازرگانی، و وزە بۆ ئەوەی زیاتر سود لە پڕۆژە گەورەکان ببینێت.

٦- لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاستەنگە ئەمنی و سیاسیانەی کە ڕەنگە لە جێبەجێکردنی پڕۆژە ستراتیژییەکانی وەک ڕێگەی گەشەپێدان و ڕێڕەوی داودی سەرهەڵبدەن، پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ دروستکردنی هاوبەشییەکی ڕاستەقینە لە نێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی عێراقدا. ئەم هاوبەشییە دەبێت لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی یەکسان بێت لە پرۆسەکانی پلاندانان وجێبەجێکردن ودانوستان لەگەڵ لایەنی تورکیا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەرژەوەندییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی دیدگای گشتیی پڕۆژەکەدا پەراوێز نەخرێن یان چاوپۆشییان لێ نەکرێت.

٧- پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، دەرفەتێکی بەنرخە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی ژێرخانی ناوخۆ، بەتایبەتی ڕێگاوبان، ناوەندەکانی لۆجستی، وناوچە پیشەسازییەکان. پێویستە حکومەتی هەرێم وەبەرهێنان لە تۆڕەکانی گواستنەوەی ناوخۆییدا بکات وبە شێوەیەکی ستراتیژی بیانبەستێتەوە بە کۆریدۆرەکانی ترانزێت و بەرزکردنەوەی یەکگرتنی ئابووری و پشتگیریکردنی ئاسایشی نیشتمانی لەڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار و بەدەستهێنانی سەقامگیری ئابووری.

**سەرچاوەکان**


سەرچاوە کوردییەکان

کتێب

- ئاکرەیی.نجدت(٢٠٢١) ئاسایشی نەتەوەییمان بەرەو کوێ" زنجیرە کتێبی گۆڤاری گولان" هەولێر.

- قدو، عمراحمد (٢٠٠٩)، ئاسایشی نەتەوەیی وئاسایشی دەوڵەت" دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

- عزیز،کامەران محمەد(٢٠١٥) ، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لەسەردەمی نادڵنیاییدا" سەنتەری تویژینەوەی سیاسی وستراتیژی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**تویژینەوە**

- صالح، زانیار حەمەدمحمەد(٢٠٢٤)، پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە نێوان تورکیا و عێراق: لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، گۆڤاری تورکیا ناسی، ژمارە٤" ساڵی یەکەم حوزەیران.

-مستەفا ،د. عبدالخالق ئیبراهیم(٢٠٢٥) ، پەوەندیی میدیا و ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دا(ئەرك، ئالینگاری" ستراتیژ)" گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە٢٣، ساڵی پێنجەم ، شوبات.

**تێزی دکتۆرا**

- ئەحمەد" سەروەر حمە_٢٠٢٣)، ،پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی جیهانییدا: لێکۆلینەوەیەك لە دەرفەتەت و ئالینگارییەکا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستەسیاسییەکان.

-عبدالرحمان،شڤان حمە صدیق (٢٠٢٤)" شێوازەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتیی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست(پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەدوای ساڵی ٢٠١٠ وەکو نمونە)" تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەیدن، کۆلێژی زانستەسیاسییەکان.

**پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

احمد، زبیر رسول ، پرۆژەی "ڕێگەی گەشەسەندن"؛ دەروازەیەکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق و لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، ماڵپەری پێنووس، مێژووی بڵاوکردنەوە ٢٠٢٣/٤/٣" مێژووی سەردانی ٢٠٢٥/٦/٢٣، بەردەستەلەم:https://shorturl.at/c9I4K

- قادر، پەروێز رحیم ، ١٠مەترسی بۆسەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ، ماڵپەری پێنوس/ میژووی بلاوکردنەوە ٢٠٢٣/١/٣٠ن مێژووی سەردانی ٢٠٢٥/٦/١٧" بەردەستە لە:

**https://shorturl.at/m7Djv**

-گولان میدیا(٢٠٢٤) وزارة النقل العراقية: إقليم كوردستان جزء من مشروع طرق التنمية ، تاريخ النشر ٢ابريل ٢٠٢٤، تاريخ الزيارة ١٤/ فبراير، متاح على الرابط: https://rb.gy/s4imqz

- محەمەد، عدنان مجيد ، دەربارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ماڵپەری پێنوس، میژووی بلاوکردنەوە٢٠٢٨/٩/٢٠، مێژووی سەردانی ٢٠٢٣/٦/١٣، بەردەستە لە :

https://shorturl.at/tjnrX.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

**الكتب**

- المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات(٢٠٢٣) ممر الهند-الشرق الأوسط-أوروبا: مشروع أميركي لمواجهة الصين والتطبيع بين العرب وإسرائيل، سلسلة:تقدير موقف، الدوحة – قطر، ١٤ أيلول

- الدراجي د. مصطفى(٢٠٢٤) ، العراق عُقدة النقل العالمي مشاريع الطرق الدولية الجديدة في الشرق الأوسط، مركز البيان للدراسات والتخطيط، بغداد – ٢٠٢٤.

- الايدامي، د. حمدية شاكر و الزاهدي ،أمجد راضي (٢٠٢٣)، الأهمية الاقتصادية لميناء الفاو الكبير وانعكاسه على واقع التنمية المستدامة في العراق، مركز الرافدين للحوار، بيروت/النجف الاشرف.

- دنى، إيمان(٢٠١٨)، الدور الإقليمى لتركيا فى منطقة الشرق الأوسط بعد الحرب الباردة،الأسكندرية، مكتبة الوفاء القانونية.

فاضل، د. شيماء عادل(٢٠٢٤) تحولات البيئة الاقليمية وا نعكاساتها على العراق، منشورات جامعة النهرين، بغداد.

- نجلاء مكاوي وآخرون، الاستراتيجية الإيرانية في الخليج العربي، مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، إسطنبول، ط٣، ٢٠١٧،

**الأبحاث**

- العامري، عامر محسن سلمان (٢٠٠٩)، مفاهيم الأمن: مقارنة بين الامن القومي والامن الاقليمي والامن الجماعي، مجلة السياسة الدولية، العدد ١١، القاهرة.

- الهواري، دندراوي(٢٠٢٤)، ستة مشاهد كاشفة لتنفيذ مشروع «ممر داود فى سوريا لتحقيق حلم «إسرائيل الكبرى، مجلة اليوم السابع، الأحد، ١٥ ديسمبر ٢٠٢٤، من على الموقع التالي: https://www.youm7.com/story/2024/12/15/٦٧٠٠٩٧٢٢٦

- حس،حارث(٢٠٢٤)، طريق التنمية في العراق: الشؤون الجيوسياسية، والريعية، والممرات الحدودية، بحث منشور في مركز مالكوم كير-كارينغي للشرق الأوسط، ٢١مايو، متاح الرابط:

https://shorturl.at/x9Ref

**مواقع الكترونيية**

-الرشيدى، حسن(٢٠٢٤) ، ممرداود والصراع على السوريا، مقال منشور في الوعل اليمني، تاريخ النشر ١٦سيبتمبر٢٠٢٤، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢٠، متاح على الرابط:https://shorturl.at/i9X8s

-العبيدى،د.مثنى (٢٠٢٣)، مشروع طرق التنمية في العراق...ما له وما عليه,مقال منشور في موقع المرصد، تاريخ النشر ٨/ديسمبر، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٣/١٥، متاح الى الرابط: https://shorturl.at/hMyPH

- النعامي، صالح(٢٠٢٤), إسرائيل توسيع استُماراتها بكردستان العراق, مقال منشور في موقع العربي الجديد، تاريخ النشر١٦نوفمبر، تاريخ الزيارة ١٢فبراير٢٠٢٥، متاح على الرابط: https://shorturl.at/jl7iN

-لعكرى عبدالنبى" خطاب نتانياهو وقصف الضاحية، مقال منشور في موقع الرؤية، تاريخ النشر٢٩سيبتمبر٢٠٢٤، تاريخ الزياة ٢فبراير٢٠٢٤، متاح على الرابط: https://shorturl.at/HHmTi

- العمرى، أحمد سليمان" رؤية نتنياهو للشرق الأوسط.. التوسع الإسرائيلي وأجندة القوى الكبرى. مقال منشور في موقع الجزيرة نت، تاريخ النشر٢٠٢٤/١١/١٢، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٤/٢٠، متاح على الرابط:

https://shorturl.at/zSpO6

-النداف، أبراهيم (٢٠٢٥)، مواجهة التمدد الإسرائيلي وتأمين العراق من تداعيات ممر داود: استراتيجية واقعية!..، مقال منشور فى موقع الواح الطينية، تاريخ النشر١٧مارس ، تاريخ الزيارة ٢٣مارس ٢٠٢٥، متاح على الربط: https://clay-board.com/archives/189569

- بدرالدين، صلاح(٢٠٢٢)، الكورد ومفهوم الأمن القومي ، مقال منشور في موقع الگولان،،تاريخ النشر ٥فبراير، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/١٦، متاح على الرابط: https://rb.gy/i0xaly

-بطاينة، سليم(٢٠٢٤ ) ، ممر داود.. والحلم الصهيوني في الوصول إلى نهر الفرات عبر سوريا، مقال منشور في مجلة القدس الالكترونية بتاريخ الأحد ٢٩ ديسمبر، على الرابط التالي: https://alquds.com/ar/posts/146542

--جرادات ،محمد(٢٠٢٤ ) )، ممر داود وسهم باشان أم لعنة العقد الثامن؟، مقال منشور في موقع الميادين، تاريخ النشر٢٥ كانون الأول، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/١/١٢، متاح على الرابط:

https://shorturl.at/UI75a

- جميل ، خۆشناف(٢٠٢٤)، في قلب النزاعات...مثلث تحديات متداخلةيهدد كردستان العراق، مقال منشور في موقع الحرة نت، تاريخ النشر٢٨اكتوبر، تاريخ الزيارة٢٢مارس ٢٠٢٥، متاح على الرابط:

https://shorturl.at/xhHbq

- رزق، هدى(٢٠٢٤) ، ايران وتركيا و " اسرائيل"في شرق الأوسط متغير, مقال منشور في موقع الميادين، تاريخ النشر ١٤ازار، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٠، متاح على الرابط: https://shorturl.at/TAcgD

-شبكة الجيوستراتيجى للدراسات،(٢٠٢٢) مفهوم الأمن القومي الكردستانى بين الممكن والمستحيل، ٢١فبراير, متاح على الرابط:https://www.geo-strategic.com/2022/02/blog-post_12.html

--صلاح، عبد الرحمن(٢٠٢٤)، يمر من الجولان إلى حدود العراق، تفاصيل مشروع ممر داوود بسوريا لتحقيق حلم أرض الميعاد، مقال منشور في جريدة فيتو، تاريخ النشر الثلاثاء ١٠/ديسمبر/٢٠٢٤ ، تاريخ الزيارة، متاح على الرابط : https://www.vetogate.com/5301988

- عيّاد، حازم (٢٠٢٤)، معبر "الشارقة-مرسين".. انعطافة استراتيجية إماراتية، مقال منشور بتاريخ ١٨ كانون الاول على الرابط التالي:https://arabi21.com/story/1398648

- كامل، سهى (٢٠٢٥)، طرق التنمية في العراق -تحديات الدولية و صراع تركي- إيراني،مقال منشور في موقع المشهد، تاريخ النشر ٢١مارس، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٣/٢٣، متاح على الرابط: https://shorturl.at/DqmNP

- كفلى، عبدالله جعفر ، تحليل علاقه امن الإقليم بالامن الوطني العراقي، مقال منشو رفي موقع مؤسسة المتوسطي للدراسات الإقليمية، تاريخ النشر ٢٠١٩/٣/١٠، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٦/٢١، متاح على الرابط:
https://www.mirs.co/AR/details.aspx?jimare=97

-موقع ميدلايست (٢٠٢٥)حديث تركي عن "ممر داوود".. اتصال إسرائيل إلى المناطق الكردية في سوريا والعراق؟، مقال منشور فى، تاريخ النشر٧/يناير، تاريخ الزياره٢٠٢٥/٣/١٠" متاح على الراط:

https://shorturl.at/ApEZY

- موقع شفق نيوز(٢٩يوليو ٢٠٢٤) حكومة إقليم كوردستان تؤكد دعمها لمشروع طريق التنمية، مقال منشور فى ، تاريخ الزياره ٢٠٢٤/١٢/٢٨، متاح على الرابط: https://shorturl.at/L80Ix

- موقع رسمى الأمم المتحدة(٢٠٢٤)، رئيس الوزراء الإسرائيلي: سنواصل الدفاع عن أنفسنا ونسعى إلى تحقيق السلام،٢٧ ديسمبر، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٣/١٩، متاح على الرابط: https://news.un.org/ar/story/2024/09/1135086

نوار، إبراهيم(٢٠٢٣) ، المنابع الأربعة الرئيسية لمشروع الممر الاقتصادي بين آسيا وأوروبا عبر الشرق الأوسط، مقالة نشرت ، بتاريخ ١٢ أيلول ، مقال مننشور في الموقع االقدس، متاح على الرابط: التالي::

https://www.alquds.co.u k 1416779

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

**Books:**

- Buzan, Barry, Ole Wæver, and Jaap de Wilde. Security: A New Framework for Analysis. Boulder: Lynne Rienner Publishers, 1998, pp.

- Wyllie,Jams(2008) “Force and Security, in Tervor C. Salmon and others, issues in international relations, London and New York, Routledage, 2nd edition.

**Articls**

Ranj Alaaldin,(2024) Iraq’s Development Road Project:A Path to Prosperity or Instability?, The Middle East Council on Global Affairs,٣١October.

Websities

- Aziz,-Sardar (2025), raq’s Development Road: No Place for Kurdistan?, Published on August 8, 2023,visite 17/1/2025, available at: https://shorturl.at/4M0w5
- Biblehub(2025) David's Safe Passage - Terms - Bible Hub: Search, Read, Study the Bible in Many Languages. (16-marchm available at: https://biblehub.com/topical/d/david's_safe_passage.htm
- David ,Salim Bataniehm(2025);s Passage ..and the Zionist dream of reaching the Eurphrates River through Syria, alQudes net, 3march, available at: https://www.alquds.com/en/posts/146550
-Khan, Mehmood(2023) Ul Hassan, BRI and roadmap for next decade, October 25, available at:

https://pakobserver.net/bri-and-roadmap-for-next-decade/

**1.** - Newarab(2025) The New Arab Staff, What is Israel's David's Corridor plan to 'partition' Syria?, newarab, 28 February, , available at:

2. https://www..com/news/what-israels-davids-corridor-plan-partition-syria